سەرۆک وەزیرانی سوید: پێویست ناکات سووکایەتی بە کەسانی دیکە بکرێت

سەرۆک وەزیرانی سوید، ئۆلف کریسترسۆن، وتی: "هیچ قبوڵ ناکرێت" خەپیشاندەران هەڕەشە بکەنە سەر باڵیۆزخانەی وڵاتەکەمان لە بەغدا.

ڕۆژنامەی "ئۆفتونبلادیت" لەسەر زاری سەرۆک وەزیرانی سوید بڵاویکردەوە "پێم وایە دەبێت لە سوید ئارامتر بین، ئێمە بارودۆخێکی زۆر جدیین لە ڕووی سیاسەتی ئاسایشەوە و پێویست ناکات سووکایەتی بە کەسانی دیکە بکرێت".

بەگوێرەی "ئۆفتونبلادیت"، کریسترسۆن ئاماژەی بۆدا کە "بە هیچ شێوەیەک قبوڵ ناکرێت" بە خەپیشاندەران بچنە ناو بینای باڵیۆزخانەکەمان لە بەغدا.